# Global Storybooks

globalstorybooks.net

کاتی پشوو لە لای نەنکی


Violet Otieno
Catherine Groenewald
Agri Afshin



This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0


# کاتی پشوو لە لای نەنکی


Violet Otieno
Catherine Groenewald
Agri Afshin


4

کوردی ckb

ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ لەگەڵ باوکیان لە شار دەژیان. ئەوان چاوەڕوانی هلاتنی پشوویان دەکرد. نەك لەبەر ئەوەی قوتابخانە داخرێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەوان دەیانهەویست سەردانی نەنکیان بکەن. ئەو لە گوندێکی شوێنی ملاسی گرتن لە نزیك دەریاچەیەك دەژیا.

ئۆدۆنگو و ئاپیۆ خۆشحاڵ بوون لەبەر ئەوەی کاتی ئەوە بوو کە دوبارە سەردانی نەنکیان بکەنەوە. شەوی پێشتر کەل و پەلەکانیان لە جانتای هاویشتن و خۆیان ئامادە کرد بۆ گەشتێکی دورودرێژ بۆ گوندەکەی نەنکیان. ئەوان خەویان لێ نەکەوت وبە درێژای شەو سەبارەت بە پشوەکە قسەیان کرد.

بەرەبەیانی زووی رۆژی داهاتو ئەوان بە ئوتۆمبیلی باوکیان بەرەو گوندەکە بەڕێکەوتن. ئەوان بە لای چیاکان و ئاژەڵە کێویەکان و کێڵگە چاییەکاندا لێیانخوڕی. ئەوان ئوتۆمبیلەکانیان دەژمارد و گۆرانیان دەگوت.



کاتێ ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ بۆ قوتابخانە گەڕانەوە، ژیانی گوندەکەیان بۆ هاوڕێکانیان باس کرد. هەندێك لە منداڵەکان پێیان وابوو کە ژیان لە شار خۆشە. هێندێکیشیان پێیان وابوو گوند خۆشترە. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوە بوو کە گشتیان پێیان وابوو کە ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆنەنکێکی زۆر باشیان هەیە.

دوای ماوەیەك منداڵەکان ماندوو بوون و خەویان لێکەوت.



ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ زۆر بەگەرمی هەردووکیان لە ئامێزیان گرت و ماڵئاوایان لێکرد.

باوکیان، ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆی کاتێک گەیشتنە گوندەکە لە خەو هەستاند. ئەوان چاویان بە “نیار- کلانیادا”، نەنکیان کەوت کە لەسەر حەسیرێك لەبن دارێك پشووی دەدا. نیار- کلانیادا بە زمانی “لو” بە مانای “کچی گەلی کلانیادا” دێت. ئەو ژنێکی بە توانا و جوان بوو.



کاتێك باوکیان بە دوایاندا هات کە بیانباتەوە، ئەوان نەیاندەویست کە ئەوێ بە جێ بێڵن. منداڵەکان داوایان لە نیار-کلانیادا کرد کە لە گەڵیان بۆ شار بچێ. ئەو پێکەنی و گوتی: “من بۆ ژیان کردن لە شاردا زۆر پیرم. من چاوەڕوانی ئێوە دەبم کە سەرلەنوێ بۆ گوندەکەم بگەڕێنەوە.”

نیار-کانیادا بە خێرهاتنی کردن و لە خۆشحاڵیان لە ژوورەوە دەستی بە سەما کردن و گۆرانی گوتن کرد. نەوەکانی زۆر بە خۆشحاڵیەوە چاوەڕێی ئەوە بوون هەتا هەرچی زووە ئەو دیاریانەی بدەنێ کە لەشارەو لەگەڵ خۆیان هێنابوو. ئۆدۆنگۆ گوتی: “لە پێشدا دیاریەکەی من بکەوە.” ئاپیۆش گوتی: نا، دیاریەکەی من لە پێشدا بکەوە!”



بەڵام کاتی پشوودان تەواو بوو و منداڵەکان دەبێ بۆ شار بگەڕێنەوە. نیار-کانیادا کڵاوێکی بە ئۆدۆنگۆ و بلوزێکی بە ئاپیۆ دا. ئەو خواردنیشی بۆ سەفەر بۆ ئامادە کردن.

پاش ئەوەی کە ئەو دیاریەکانی کردەوە، نیار-کلانیادا بە پێی داب و نەریتەکانی خۆیان سوپاس و پێزانینی ئاراستە کردن.



لە کۆتایی رۆژەکە ئەوان پێکەوە چاییان خواردەوە. ئەوان یارمەتی نەنکیان دهدا لە هەژمارکردنی ئەو پارانەی کە بەدەستی هێنابوو.

دوایە ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ چوونە دەرێ. ئەوان شوێن پەپوولەو باڵندەکان کەوتن.



ڕۆژێکی دیکە منداڵەکان لەگەڵ نەنکیان چوونە بازار. ئەو کۆگایەکی هەبوو کە سەوزە و شەکر و سابونی تێدا دەفرۆشت. ئاپیۆ پێی خۆش بوو نرخی شتەکان بە کڕیارەکان بڵێت. ئۆدۆنگۆش ئەو کەرەستانەی کە کڕیارەکان کڕیبویان بۆیانی دەپێچاوە.

ئەوان چوونە سەر دارەکان و لە ناو بەنداوەکەش گەمیان بە ئاو دەکرد.



بەیانیەک ئۆدۆنگۆ مانگاکانی نەنکی بردە دەرەوە تا بیانلەوەڕێنێ. ئەوان بۆ ناو کێڵگەی هاوسێکەیان چوون. وەرزێڕەکە لە ئۆدۆنگۆ تووڕە بوو. ئەو هەڕەشەی لێکرد کە مانگاکانی بۆ خۆی ببات، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی ئەویان خواردووە. لەپاش ئەو ڕۆژەوە کوڕەکە بەڵێنی دا کە جاریکی دیکە مانگاکان کێشە دروست ناکەن.

کاتێك کە تاریکی داهات ئەوان بۆ نان خواردنی ئێوارە بۆ ماڵەوە گەڕانەوە. پێش ئەوەی خواردنەکەیان تەواو بکەن خەویان لێ کەوت!



نیار-کانیادا فێری نەوەکانی کرد کە چۆن "ئۆگالی" نەرم دروست بکەن و لەگەڵ شۆرباو بیخۆن. ئەو پێشانی دان چۆن "برنجی نارگیلی" دروست بکەن تا لەگەڵ ماسی برژاودا بیخۆن.

رۆژی دواتر باوکیان گەڕایەوە بۆ شار و منداڵەکانی لە لای نیار-کانیادا بەجێ هێشت.



ئۆدۆنگۆ و ئاپیۆ لە کاروبارەکانی ماڵەوە یارمەتی نەنکیان دا. ئەوان ئاو و داریان دەهێنا. ئەوان لە کۆخی مریشکەکان هێلکەکانیان کۆکردەوە و سەوزیەکانیشیان لە باخچەکە لێدەکردەوە.